www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:45 22-10-2006

# ئەو بابەتەی کەسێک ناوێرێ بڵاوی بکاتەوە.. بەشی (1) .. کەریم مودەریس

بەشی یەکەم

جەنابی سەرۆك، لەگەڵ ئەوەی چاك هەست بە هەستیاری و ترسناکی ئەم قۆناغەی ئێستا دەکەم، چ لەسەر ئاستی ناوەخۆ کە خەریکە کەمتەرخەمی، چاوپۆشین لەسەر حسابی هاوڵاتی، دابینەکردنی سادەترین ماف کە ئاوو کارەبا و سووتەمەنی و دانانی بەرپرسی بە ئینساف، نەبوونی جەربەزەیی دەسەڵات، (بوتی) ئەو خۆشەویستەییان لە دڵی جەماوەرەکەیاندا دەشکێنێ... چ لەسەر ئاستی دەرەوە کە گورگەکانی دەوروبەر خەریکە هەناسەی رقی پەلاماردانی ئەم هەرێمەیان دەگاتە دەموچاوی هەریەکێك لە ئێمە، بەڵام ئەوەندەی هەولمَدا وەك تلیاخۆرەکان (کە ژمارەیان لە کوردستان شوکور خەریکە پەرەدەستێنێ) خۆم بۆ نەگیرا ئەو قسەیەت بۆ نەکەم.

هەڵبەت ئەو قسەکردنەش بە پشت بەستن بە هاندانی جەنابتانەوە دێت کە چەندین جار دووبارەتان کردۆتەوە کە خەڵك خۆی دووره پەرێز نەگرێ و قسەیەکی خێر بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاڵۆزییەی کە هەموومانی گیرۆدە کردووە. واتە دەتانەوێ بڵێن ئەوەی بەرپرسەکان تێکیانداوە ئێوە بۆخۆتان سەر لە چارەسەری دەرناکەن مەگەر بە مشووری هەموو جەماوەر بتوانن نیمچە چارەیەك بدۆزنەوە. هەرچەندە زەرڕەیەك ئومێدم بەوە نییە بتوانن ئەو داخە لە دڵی هاوڵاتی دەربکەن کە گەییوەتە قۆناغی داغکردن چونکە چەندین هۆکار هەیە کە هەیبەتی دەسەڵاتی هێندە شکاندووە خەڵك بەداخەوە وایلێهاتووە تازە بە تازە ئومێد بە چاکبوونەوەی باری بەغدا دەبەستێ بەشکو ئەم باشییە رەنگدانەوەی لەسەر ئێرەَش هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەو بێ ئومێدییەشە وا لەبەر خاتری ئەوەی دەڵێی بنووسن وا لەبەرچاوی ئێوەش رەزای خۆم بەم قسەیە قورس دەکەم وەك ئەوەی چەندین جار رەزای خۆم بەرانبەر بە حکومەتە ناسکۆڵەکەمان قورس کردووە، بەڵام هیوادارم بە قسەکانم سەخڵەت نەبن نەبادا ئەو سەخڵەتبوونە بەدحاڵیبوونی لێبکەوێتەوە، چونکە ئەگەر ئێوەش وەك حکومەت بە قسەیەك لێمان تەوەللابن، دەبێ لەمەولا روو لە کوێ بکەین لە وڵاتێك کە وەك محەمەد ماغوت ناڵێم تەنها پێڵاوەکانم بە نیشتمانەکەمم دەبەستێتەوە، بەڵکو تەنها نەهامەتییەکانی کەسانێکی پێ دەبەستێتەوە کە بەداخەوە لە پەنای پشتگوێخستنی دەسەڵات خۆیان نەك بە هاوڵاتی دەرەجە دوو بەڵکو بە دەرەجە دە بەبانەوە تێدەگەن.

جەنابی سەرۆك.. سەرەتا با مەسەلەی ئەو گەورە پیاوەتان بەبیر بێنمەوە هەرکە کورێکی ون دەبێ بانگەوازی ئەوە رادەدێری کە ئەوەی بیدۆزێتەوە برێکی باشی پارە دەداتێ، ئەو کەسەی کە منداڵەکەی گلدابۆوە خۆی مەڵاس دا بەونیازەی کە پارەکە زیاتر بکات، تا گەیشتە نیوەڕۆ، دواتر تا عەسر، دواتریش گەیشتە خۆرئاوابوون ئەو هەر پارەی بەرانبەر بە گەڕاندنەوەی کوڕەکەی زیاد دەکرد. کابراش لە خەیاڵی خۆیدا گوتی ئەمە هەروا زیادی دەکات، دەبا تا سبەی شەویش بیهێڵیمەوە مسۆگەر دوو ئەوەندە دەدات. بەڵام بۆ سبەی گوێی لە هیچ بانگەوازێك نەبوو، ناچار خۆی بۆ نەگیراو منداڵەکەی بۆ باوکەکەی بردەوە کەچی باوکەکە نە گوێی پێدا نە پارە، کابراش بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی ئاخۆ بۆچی پارەیەکی زیاتر پێ نادا خۆ ئەوە لە دوێنێوە بەدوایدا دەگەڕێ و پەرۆشییەتی، ئەو گەورە پیاوە لەوەڵامدا گوتی بۆیە دوێنێ ئەوەندە پارەیەم تەرخان کرد هەر بۆ ئەوەم بوو کە شەوێك لە شوێنێکدا نەمێنێتەوە، هەرکە شەوێك لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆیدا مایەوە ئیتر ئەوە روویدا کە من مەترسیم لێی هەبوو.. !!

جەنابی سەرۆك.. دادوفیغانی چەند ساڵی خەڵك لە میانی رۆژنامەكان، رادیۆكان، تەلەفزیۆن و سەرجەم كەناڵەكانی راگەیاندنیش بۆ ئەوە بوو كە ئازارەكان نەگەنە سەر ئێسقان نەبادا تف لە رووی خۆمان بكەین و دژ بە دەسەڵاتی خۆماڵیمان قوت بینەوە. بۆ ئەوەمان بوو نەگاتە رادەی تەقینەوەی ناخ و چوونەدەر لە پێست نەبادا ئازارێك بۆ نەفسی ئێوەش دروست ببێ، بەڵام هەركە ئەوە روویدا ئیتر هەرچیی بگوترێ یا بكرێ چ فایدەی هەیە لە كاتێكدا هێشتا نەتانتوانیوە بمانگەیەنن بەو قەناعەتەی كە دەتوانن تەنها یەك گرفتی ئەو خەڵكە چارەسەر بكەن.

لە قسەكانتدا، بگرە تا بە خۆتان رادەگات بە شێوەیەك لە شێوەكان پاساو بۆ حكومەتی سلێمانیش دێننەوە داواش دەكەن خەڵك دانبەخۆیدا بگری، ئەگەر ناوەناوە پەتی تەحەمولیان پچڕا با بۆ بەتاڵكردنی ناوسكیان خۆپیشاندان بكەن بەڵام ئەوكاتیش دەست بۆ سووتاندنی داوودەزگاكان درێژ نەكەن. ئەمە مەنتقێكی زۆر سەیرە و داوایەكی سەیرترە لە خەڵكی دەكەی، ئەرێ خەڵك بەرانبەر بە چیی دانبەخۆیدا بگرێ لە كاتێكدا ئەستێرەی بەرپرسەكان روو لە گەشیدایەو كۆنترۆڵی ئێستا و داهاتووی هاوڵاتیانیان كردووە. جەنابت بۆ لە بەرپرسان ناپرسی ئاخۆ بۆچی رقی هاوڵاتی هێندە ئەستوور بووە خەریكن ئینتیحار دەكەن و پەلاماری داوودەزگاكانی حكومەتی خۆیان دەدەن. ئایا نەتانبیستووە هەموو شتێك لە باریكیدا دەپسێ بەڵام ستەم لە ئەستووریی. ئێوە بۆ لە ستەمی بەرپرسان ناپرسن كە وایانكردووە خەڵك دڵی نە بە ئێوە، نە بە سەربەخۆیی و نە بە هیچ وادەو بەڵێنێك خۆش بێ كە ئێوە بەتەمان بیكەن، بگرە هەر باوەڕیش ناكەن ئێوە بتوانن، یان دڵتان بێ بوتێك بشكێنن، ئەگەر تا دوێنێ بەعس جەستەی ئەنفال كردین، سەردەمی ئەمڕۆ گیان و كامەرانی هیواو ئاواتیان ئەنفال كردین.

بۆ ناپرسن ئینتیما بۆ وڵات بۆچی هێندە لاواز بووە بۆ چی گلەیی لە هاوڵاتی دەكەن كە ئەگەر مۆنۆمێنت بسووتێنێ، توخوا چۆن دەسەڵاتی خۆماڵی دڵی هات جارێكی دیكە لوولەی تفەنگ روو لە هەڵەبجە بكات، ئەوە لەجیاتی ئەوەی چەك بردنە ناو ئەو شارە قەدەغە بكەن نەبادا برینەكانیان بكولێنەوە.. ؟!

لەوەش زیاتر هەركە هاوڵاتییەك لە داخا پەلاماری شوێنێك دەدات بە گێرەشیوێنی لە قەڵەم دەدەن، ئەی بۆچی ئەو بەرپرسە بە تاوانبار لە قەڵەم نادەن كە دەبێتە هۆی پشێوی نانەوەو گێرەشێوێنی دروستكردن و تێكدانی شیرازەی ژیان و رق هەستانی هاوڵاتی.

جەنابی سەرۆك.. هەركە لە پڕ سەفەری سلێمانیتان كرد هەر ئەو رۆژە بە نیاز بووم بابەتێك لە ژێر ناوی (جەنابی سەرۆك بەخێر بچی بۆ سلێمانی، توخوا كەی دەگەڕێیتەوە هەولێر) بنووسم، بەڵام نەمویست پەلە بكەم چونكە ئەو ساڵەی لەگەڵ هەندێ لە خەڵكی هەولێر و دهۆك دانیشتن، لێپێچانەوەیەكی ئەوتۆی بەدوادانەهات كەمێك بەرپرسان لە ئازاردانی خەڵك و ناعەدالەتی و هەڵلوشینی ماڵی دەوڵەت و خیانەتكردن لە جێبەجێكردنی پرۆژەكان و بچووكردنەوەی قاوغی حكومەت لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان بسڵمنەوە. دانیشتنێكتان كرد و خەڵك زۆر شتی بۆ هەڵڕشتن بەڵام دۆخەكە وەك خۆی مایەوە بۆیە بەرپرسانیش ئەوەیان قۆستەوە و زیاتر ملیان تێنا.

ئاخر پێمخۆش نییە پەنا بۆ بەر ئاماژەكردن بە شێوازی لێپچانەوەكانی سەددام ببەم كە (ئەو باشتر خەڵكەكەی ناسیبوو) و نەیدەهێشت گومانی بگاتە رادەی یەقین كۆتایی بەو كەسە دەهێنا، نەك چاو لە بەڵگەیەك و دوان بپۆشێ تا كار دەگاتە بەردەركی كۆشكەكەی خۆی، یان وەك ئەوەی ئێوە بە قسەی خۆش و رێزگرتن و نەرمی نواندن وەرەچاوكردنی هەندێ لایەنی ئەخلاقی و ئینسانیی، چونكە كورد لە مبارەیەوە گوتوویەتی (گۆلك بە گجی گجی نابێتە گا) .

لێرەدا با یەك دوو نموونەی شێوازی لێپیچانەوەی ئەو سەردەمەتان بۆ باس دەکەم. هەر لەدوای گەڕانەوەی خەڵك لە راکردنەکەی دوای راپەڕین ماوەیەك بوو کێشەی مووچە نەدان پەیدا بوو، بەرپرسێکی گەورەی بەعس کە وابزانم لە دەرەجەی بەرپرسی شوعبە بوو لە هەولێر کۆبوونەوەیەك بە مامۆستایان دەکات، لەدوای رێنماییەکان پرسیار لە گرفتەکانیان دەکات مامۆستایانیش باسی ئەوە دەکەن ماوەیەکە مووچەیان وەرنەگرتووە، ئەو بەرپرسە بۆ زانینی کێشەکە روو لە مامۆستا فواد فایەق دەکات کە ئەوکات بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر دەبێت، دوای ئەو وەڵامەی کە بەرپرسەکە قەناعەتی پێ نایە، پێی دەڵێ مامۆستا من ئەو قسانە نازانم سبەی تا سەعات 12ی نیوەڕۆ دەبێ مووچەی هەموو مامۆستایان سەرف بکرێ، کەچی هەندێ لە ئامادەبووان وایانزانی کوردەوارییە کردیانە منجە منج، بەڵام ئەو بەرپرسە بەعسییە روو لە بەرێوەبەری پەروەردە دەکات و دەڵێ من ئەو قسانە نازانم سبەی تا سەعات 12 ئەگەر یەك مامۆستا بمێنێ مووچەی وەرنەگرتبێ بۆخۆت خۆت کەلەبچە دەکەیت و دێیتە لام.

هەروەها جارێکی دیکە پرۆژەیەکی گرینگ بە ئەندازیارێك دەسپێردرێ ئەو ئەندازیارە لەبەر هەر هۆیەك دەبێ ئەو نەخشەیە بەدەستەوە نادات کە سەددام داوای کردووە، بۆیە بڕیار دەدات ئەو ئەندازیارە بگۆڕێ بەڵام چ گۆڕینێك، هەرکە بۆ رۆژی دواتر ئەندازیاری تازە ئەرکەکە وەردەگرێ سەددام بۆخۆی دەچێتە ئەوێ و رێنوێنیان دەکات لەپاشان پێیان دەڵێ ئەو ئەندازیارەی بەر لە تۆ ئەرکەکەی پێ سپێردرا خیانەتی کردو کارەکەی سەقەت کرد، بەڵام دەزانن ئەو رەفیقەتان ئێستا لە کوێیە، پێیان دەڵێ ئەوەتا لەژێر ئەو شەقامە فەرعییە شاردوومەتەوە هەرکە لە بن پێتانە.. !!

هەروەها دەربارەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی کەرکوك دەگێڕنەوە گوایە ئەو بەڕێوەبەرە کۆمپانیاکەی بۆ کاری رابواردنی خۆی بەکاردەهێنا، بۆ ئەم مەبەستەیش مەلەوانگەیەکی هەر لەناو کۆمپانیاکە دروستکردبوو و نیوەڕۆیان لەگەڵ چەند ئافرەتێك مەلەی تێدا دەکرد. ئەم قەسەیە خودی سەددام دەگاتەوە کە ئەو بەڕێوەبەرە دەرەجەی حزبیی خۆی قۆستۆتەوەو ئەمجۆرە کارانە دەکات، دەڵێن سەددام ئەمری کرد کۆپتەرێك رەوانە بکات و ئەمجارەیان لە ئانی مەلەکردنەکەیدا بە هەمان شۆرتی مەلەکردنەوە بیگەیەننە لای خۆی، دەڵێن ئەم فەرمانە جێبەجێکرا، ئیتر کەس نازانێ سەددام لەوێ چیی لێکردووەو چیی پێگوتووە بەڵام زانراوە کە بڕیاریدا بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیان زەبەلاحە بکرێت بە فەرمانبەری پرسگە لەهەمان ئەو کۆمپانیایە و ئەوەندە ئیهانەیەی بەسە کە بەیانیان فەرمانبەرانی خۆی تەنها بۆ ئیمزاکردن بە تەکیدا تێپەڕ ببن.. !!

سەددام کە لە دیدی ئێمەدا دڕندەیەکە چونکە تاوانی زۆر بێ ئەندازەی لێکردووین، بەڵام بەرانبەر بە جێبەجێکردنی بڕیار و پاراستنی هەیبەتی خۆی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەوە هەبوو، سەرۆکێك بوو کە لە تەلەفزیۆن قسەی بۆ پیرەژنێك، پیرەمێردێك، منداڵێك و پەککەوتەیەکی دەکرد هەر لەوێوە دەبوو بە بڕیار. نەك خۆی پاساو بۆ بەرپرسان بێنێتەوە کە دۆخی شەڕ و دوژمنان جارێ دەرفەتیان نەداوون وەکو پێویست خزمەتی هاوڵاتی بکەن، ئەگەر سەرکردە پاساو بۆ بەرپرسان بێنێتەوە دەبێ بەرپرس چ ویژدان و ئیمانێکی بمێنێت و چۆن هەموو شتێك و شوێنێکی خەڵك بۆخۆی پاوان بکات، نازنم بینیوتە یان نا لە فیلمی (ترۆی) دا حیوارێك هەیە دەڵێ: واوەیلا بۆ گیانی ئەو جەنگاوەرانەی کە سەرکردەکەیان شەڕیان بۆ ناکات.. !!

جەنابی سەرۆك... ئێوە دەڵێن تازە بیسمیللا دوو ساڵە خەریکە لە رووی یاساوە نیمچە ئیعترافێکمان پێ بکرێ و بتوانین هانی هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان بدەین، خۆ ئێمەش ئەوەتان لێ قبووڵ دەکەین و دەشزانین دوژمنمان هێندە زۆرن نایەڵن چاو بکەینەوە، ئێمە ئەوەش لەبەرچاو دەگرین کە ئێوەش ئەرك و ئیلتزامات و کێشەو گرفتی زۆرتان هەیەو کە پەوەندیان بە لایەنی نەتەوەیی و شەڕی مان و

نەمانی کورد دەکەن، دەزانین ئێوە خەمی ئەم دۆخەتانەو بەڵام نازانن، یا ناتوانن، یا ناوێرن چارەسەری بکەن و ئیرادەشتان نییە هەندێ ئیجرائات بکەن کە خەڵك چاوەروانییەتی، بەڵام ئەوەمان پێ قبووڵ ناکرێ کە بەرپرس لە لەسەر حسابی خەڵك بگاتە رادەیەك لە دەرەوەی هەرێم باڵەخانە بکرێ و زەوی و زار پاوان بکات و ژیانێکی لۆردانە لە کوردستانێك بەسەر ببەن کە خەریکە خەڵك لە داخی ئەوان دڵی دەتەقێ و جەنابیشت دەڵێی سەبر بگرن تا دوو سێ ساڵی دیکە پاڵاوگەکان دەکەونە گەڕ، باشە ئەو کات ئێوەمان بۆچییە جەنابی سەرۆك، منداڵێك ئەگەر کۆمپانیای نەوتی کەوتە ژێر دەست دەتوانێ حوکمڕانی بکات، هونەر ئەوەیە ئێستا بتوانی هاوڵاتیانت لە سادەترین کێشە رزگار بکەی. ئێوە و ئەوانەی تەمەنێکی درێژیان لە خەباتی کوردایەتیدا هەیە، مافی خۆتانە ئەگەر شوێنێکی تایبەت بەخۆتان هەبێ با ئەو شوێنە عەنتیکەش بێ، بەڵام پێمناڵێی ترە بەرپرس و زرە بەرپرس و بە زۆر بەرپرس بۆ بوون بە قاروون و هامان و فیرعەون بەسەرمانەوە. ئەگەر دروستکردنی هەندێ باڵەخانە پێداویستی دەوڵەت بێت، ئەگەر دروستکردنی ئوتێلی خانزاد و شیراتۆن و بازارگەکە ناوازەکان زەرووەرەتێك بێت سەرپەرشتی زۆر تایبەت بخوازێ، دەبێ بە هەمان ئەندازە گرنگی بە سەرپەرشتی دروستکردنی ئەو لایەنانە بدەن کە کوڕی هەژار بەکاری دێنێ، ئەگەر دەزانن دەروون لە کەشوهەوایەکی وەك ئوتێل خانزاد مورتاح دەبێ و دەکرێتەوە، دەبێ بزانن رۆڵەکانی خۆتان لە شاپاوە، باداوە، سەیداوە، کوران، بنەسڵاوە، دارەتوو، توی مەلیك، قەرەجاوە، گەڕەکی دۆمان و خانەقا و گەڕەکی عارەبان هەمان هەست و حەز و ئارەزوویان هەیە، قوتابیان بەهەمان ئەندازە چاوەڕێی نووری کارەبان تا وەك کورە بەرپرسێك نمرەیەکی باش بەدەستبێنن و لە کۆلیژێك باش وەربگیرێن (هەرچەندە ئێوە نووری کارەباتان بە نووری مالیکییەوە بەستاوەتەوە)، ئەگەر بیر لە باشترین خزمەتی میوانان دەکەن نەبادا شەرمەزار بن، دەبێ بزانن منداڵی هەژاری ئەم وڵاتەش حەزی لە شفتی و گندۆرەو مۆز و بیبسی و سێڤن شیری قوتوو و خانووی بێ کرێیە.. بەڵام ئەگەر بەرپرسانت حەز بە شەڕە ماعون و خواردنەوەی باشترین نەوعی شەراب دەکەن، شوکور هاوڵاتیانی تۆ حەز بە خواردن و خواردنەوەی حەرام ناکەن.. جەنابی سەرۆك بۆ وادەزانن هەر بەرپرس نەفسی هەیە، هەر منداڵ و ژنی بەرپرس مافی ژیانیان هەیە.. ؟!!

جەنابی سەرۆك.. خەڵك لەسەر بەختی ئێوە دەستیان بە خۆپیشاندان کرد، قەت نەدەبوو پیاوانی ئاسایش کە ئێمە لافی سەقامگیر باری ئەمنیی هەرێم بۆ ئەوان دەگێڕینەوە لوولەی تفنگەکانیان لە خەڵکانێك بکەن کە داوای گۆڕینی دەسەڵاتیشیان نەکردووە، سەرەڕای ئەو هەموو ناعەدالەتییە هێشتا ناوی کەسێکتانیان نەهێناوە کوردسییەکەی بەجێبێڵێ، بەڵکو داوای دابینکردنی سادەترین مافی ژیانیان کردووە کە نەوت و بەنزین و کارەباو ئاوو و دابینکردنی دەرفەتی کارو خیانەتنەکردنە لە جێبەجیکردنی ئەو پرۆژانەی کە حکومەت ملیۆنەها دۆلاریان بۆ تەرخان دەکات کە ئەم داواکاریانە لەو دەرەوەیەی کە ئێوەو بەرپرسەکان باشتر شارەزان، بووتە عەیبە ئەگەر خۆپیشاندانیان بۆ ساز بکرێ، بەڵام چونکە کەسێك لەسەر خیانەتێك لە سێدارە نەدراوە خەڵك هێندە رقی لێتان هەستاوە کە ئەمجارەیان بتەقنەوە رەنگە خۆیشیان و ئێوەش بە هیلاك بەرن.

جەنابی سەرۆك.. جەنابت زۆر پێ لەسەر مەسەلەی بە موئەسسەساتبوون دادەگری، واش نیشاندەدەی کە ئەگەر ئەمە کرا ئیتر کێشەکان چارەسەر دەبن، بەڵام جارێکیان باس لەوە ناکەی کە بەر لەو هەنگاوە دەبێ پاکسازییەك بکرێ کە ئەو کارە سەربخات، ئایا ئێوە بەتەمان بەو گەندەڵچیانە داوودەزگاکان رێکبەخەن، ئێوە جارێ بۆ کار بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری و ئاواکردنەوەو زیندووکرنەوەی ویژدانی بەرپرسان ناکەن، بۆ سستمی گەیشتن بە کورسی رێکناخەن، بۆ دەروازەی واستەکارییی ناگرن، بۆ ئاستی بژێوی بەرپرسان کەمێك دانابەزێنن، بۆ داوای ئارمگرتن لە خەڵك دەکەن، لەوە زیاتر ئارامی

چی بگرین، چ لە سەقامگیری ئاسایشێك بكەم كە باری دەروونی هاولاتی هێندە نارەحەت و قەڵەق بێت. ئەوەندەی ئێوە بەوە ئیستفزاز دەبن كە بگوتری حكومەت هەر هیچی نەكردووە، ئێمەش ئەوەندە بەو قسەیە ئیستفزاز دەبین كە دەڵێن سەبر بگرن، سەبر لەسەر هەموو بەلایەك دەگیرێ بەلام بڕوا ناكەم لەسەر بەرپرسی لە خوا نەترس هێندە بگیرێ. تۆ دەڵێی خەڵك حەسادەت بە ئێمە دەبات، توخوا جەنابی سەرۆك چۆن هەرێم لەگەڵ ناوچەیەكی خراپتر بەراورد دەكەی، خەڵك حەسادەتی چی بە ئێمە دەبات هەر ئەوەندە كە تەقینەوەو خۆكوژیی راستەوخۆمان تێدا نییە، ئەی ئەو هەموو تەقینەوەی دەروونە چییە رۆژانە لە راگەیاندن بلاو دەبێتەوە، ئەو هەموو خۆكوژە چییە لە فەرمانگەكان بوونەتە كۆسپی نارەحەتی لەبەردەم راپەڕاندنی مامەڵەی خەڵك، نائومێدی هێندە باڵی بەسەر هاولاتیاندا كێشاوە هێشتا كابینەی پێنجەم دەستبەكار نەبووە خەڵك دڵی پێ خۆش نییە چونكە بەر لە دروستبوونی هەر كابینەیەكی تازە كەسێك ناپرسێ ئاخۆ ئەوەی پێشووی چیی لە دوای خۆیدا بە جێهێشت، ئەوە نەبێ وەك مەحامی لە تەلەفزیۆن دەردەچن و بەرگری لە كارەكانی خۆیان دەكەن و هاولاتی قەرزار دەكەنەوە، لە بێ ئومێدیانا ئێستا بووتە مۆدە هەركە بابەتێك دەنووسن ناچار ناوی جەنابت، یا هی مام جەلال، كاك نێچیروان، یان كاك كۆسرەت یا چارەبەدەستێكی دیكەی پێوە بلكێنن، خەڵك وەك هەتیوی مەككە هێشتا لە رادیۆكان بانگەوازیی هاوكاری نەخۆش و پەككەوتە دەكات بۆ كۆكردنەوەی چەند هەزار دینارێك بۆ چارەسەری نەخۆشییەك، واستەكاریی گەییوەتە ئەندازەیەك تەنانەت ئەوەی حكومەتیش دەیكات خەڵك بۆ نوخبەی تێدەگات كە ئەگەر واستەیەكی كەمێك لە خوا بچووكتر نەبێ ناتوانێ كەسێك رەوانەی دەرەوە بكات یا بڕە پارەیەك یا پارچە زەوییەكی وا وەربگری كێشەی نەبوونی تا هەتایە چارەسەر بكەن، ئەگەر بشیدەن بای ئەوەندە دەدەن كە خەڵك وەك سواڵكەر هێشتا چاوی لە دەستێكی تر بێ بارەكەی ساز بكات.

ئێوە ئەگەر خەمی هاولاتیانتانەو هەر ئەوەندەش لە توانادایە، هچ نەبێ داوا لەبەرپرسانتان بكەن ئەوانیش وەك خەڵك بژین، بەقەد خەڵك بژین، ئەو بەرپرسانەی كە بوونەتە دێوەزمەو وەك ئەفسانەیان لێهاتووە، تەنانەت بەڕێوەبەری گشتی هەیە لەم هەرێمەدا فەرمانبەرانی دووچاری نەخۆشی دڵ كردووە و بووەتە هارونەرەشید ئەوەندەی خەڵك لە ئەگەری باشتركردنی گوزەرانی فەمانبەران نائومێد بكات.

تەنانەت بەناوی بازاڕی ئازادەوە كۆنترۆڵكردنی بازاڕیشتان لەدەست دەرچووە، بۆ نموونە سەرەڕای ئەو هەموو گرفتەی لە دەرەوەی هەرێمدا هەیە هێشتا نرخی كالا و كەلوپەل و خۆراك لە شارێكی وەك موسڵدا هەرزانترە بە بەراورد لەگەڵ شارەكانی هەرێمی كوردستان دیارە ئێوە ناتانەوێ دینارێك لە گیرفانی خۆتان (زەرەر) بكەن، ئەگەر وا نییە ناڵێم پارەی ئەو هێرشانەی بۆ سەر یەكتری دەتانكرد (چونكە ئێوە بە قەد حەزی مام جەلال لە ئایەتی (وبشر عبادی الزین اڎا استمعوا الی القول اتبعوا احسنە)، حەزتان بە ئایەتی (عفا اللە عما سلف.. ) ە، بەڵكو تەنها پارەی ئەو یادانەی كە ئێوەو یەكێتی بۆ حزبەكەتان لە میانی ئەو پانزە ساڵەدا كردووتانەوە، هەر مانگێك كێشەی یەك گەڕكێكتان چارەسەر بكردایە لە ئاو و كارەبا و غازو شەقام و خزمەتگوزاری سادەی رۆژانە ئێستا كێشەكان ئەوەندە هەراسانیان نەدەكردن. ئەرێ پێمناڵێی جەنابی سەرۆك غاندی بۆچی بە پای پەتی دەسووڕایەوە، نەیدەتوانی پێتاوێك بكڕێ، ئەوەتا فەیروزی گۆرانیبێژ چەندین ساڵە سوێندی خواردووە پێنەكەنێ تا گەلی فەلەستین رزگاری دەبێ. تواخوا چۆن دڵتان هات هەر نەبێ ئەمساڵ ئاهەنگی دامەزراندن بكەنەوە با هەر بۆ نوخبەش بێ، خەڵك وا لە بێزاری خۆی ریشی سپی بووە، لە گەرما قوونی سووتاوەتەوە كە بەو دەرمانانەش چارەسەر ناكرێ كە دەرمانخانەكان لەمدەست و ئەودەستدا دەیكڕن و بە ویژدانی خۆیشیان دەیفرۆشنەوە كە بەدەر نین لە دەرمانی ئێكسپایەر..

ئێوە دەڵێن ئەگەر ئێمەتان بە دڵ نەبوو بمانگۆڕن.. ئایا ئەمە قسەیەکی سەیر نییە جەنابی سەرۆك، ئایا ئێوە درك بەوە ناکەن، یان بڕوا ناکەن کە ئێمە ئێوەمان خۆش دەوێ، سەرەڕای ئەو هەموو گلمەندییەی کە دەکرێ قەت گوێتان لێبووە کەسێك دژی جەنابت یا مام جەلام یان ئەوانی خوارەوە بووبێت، قەت دروشمێك بەرزکراوەتەوە کە دژ بە خودی ئێوە بێت. جەنابت دەزانی ئێمە ئەو داوایە ناکەین بۆیە ئەو ڕێگەیەمان پێ دەدەی، لەپاشان کێ دەتوانێ تەماشای نێوچەوانی ترە مەسوولێك بکات لەم وڵاتەدا، کێ دەتوانێ بە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك، تەنانەت بە پۆلیسێك بڵێ ئەمەت حاڵ ئەمەت حساب، ئەی ئەوە نەبوو لەسەر بەختی تۆ خۆپیشاندان کرا دارکاری کران، دەستگیر کران، تەنانەت گوێبیست بوومە کە30 کەس لە سلێمانی دەستگیر کراوون کە بە نیازن بە تۆمەتی دەستدرێژکردن بۆ سەر داوودەزگاکانی حکومەت دادگایی بکرێن. جەنابی سەرۆك هەموو ئەو قسانەی جەنابت ناتوانێ قەناعەت بە خاوەن خانوویەك بکات کە تەنها یەك ڕۆژ کرێی خانووەکەی دوا بکەوێ.. جەنابی سەرۆك کی دەویری لەم وڵاتەدا قسە بکات، ئەوە نییە بەریز مام جەلالیش لە بەغدا را هاتۆتەوە تا بە حکومەتی هەرێم رادەگا حکومەتی بەغداشی لە گرفتی سووتەمەنی بێ بەری کرد، لەپاشا دەڵێ خۆپیشاندان مافی خۆتانە بەڵام ئەگەر خۆپیشاندان دەکەن بە برایەتی بیکەن، توخوا ئێوە دەتوانن تەعلیقتان لەسەر ئەم قسەیە هەبێ. جەنابی سەرۆك ئێمە کە هێندە دلمَان بە سەرکردایەتی خۆمان خۆشەو ئێوەمان خۆش دەوێ نەدەبوو ئێوەش ئەم حەمکە بەرپرسە بێ ئینسافەمان بۆ دابنێن، یان کە داتاننا کورسییەکانیان وەك ئەو پارچە زەویانە بۆ تاپۆ بکەن کە هەر خوا دەیزانی چۆنیان تەرتیبکردووەو دەیکەن.. !!!

ئێوە دەڵێن لەبەر دوو ئیدارەیی نەتواندراوە ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، ئەی بۆ تواندراوە تەرەقە بە نفوزی بەرپرسان بدریت، خەلك کیلۆی برنجی بایەع لە ماڵەکەیدا بۆ کاڵایەکی دیکە بفرۆشیتەوەو کەسانێکیش بە کیلۆ ئاڵتوون بکرن.. ئاخر ئەمەیە کە عەرەب دەرهەقی گوتووە: عەجیب ئومور.. غەریب قەڤییە.

ئێوە زۆر پێ لەسەر سەروەریی یاسا دادەگرن، کێ دان بە سەروەری یاسا دادەنێ، ئەفسەرێك کە بە خوێنی برا شەهیدەکانی دەخوڕێ و پۆلیسەکانی دەچەوسێنێتەوە، بەڕێوەرێکی گشتی کە فەرمانبەرەکانی ئیهانە دەکات، فەرمانبەریك کە هاوڵاتی عەزاب دەدات یان لە بازاڕێك کە بە حەزی ناحەزی توجارباشییەك بەڕێوەدەچێ کە مەبەستی تەنها قازانجە و بەس.

لەسەر ئاستی نەتەوەییش جەنابی سەرۆك دیارە زۆر دڵت بە دەستوور خۆشە، زۆر باسی دەکەی نازانم دڵت هەر بە نووسینەوەی بڕگەو بەندەکانی خۆشە یان بەوەی کە لە واقیعدا هەیە، ئێوە تەنها وشەکان دەخوێننەوە یان نیازو رەفتاری ئەو کەسانەی بوختانیان پێ دەکەین و پێیان دەڵێن ئێمە بە برایەتی دەژین، برایەتی عەرەب لە چیدا دەبینییوە جەنابی سەرۆك لەو هەوڵانەی کە بۆ کێشانەوە بەرەکە لەبن پێی کوردەکان، یاخود لەو پیلانانەی کە ئەگەر سەر بگرێ کوردستان دەکەنەوە شیمالی حەبیب.

جەنابی سەرۆك.. حەز دەکەم بزانی لە دەرەوەی ئەو دونیایەی ئیوە تێیدا دەژێین و بیری تێدا دەکەنەوە، دونیایەکی دیکە هەیە ئەویش دونیای هاوڵاتییە سەرلێشواوە، ناحەقیشتان نییە هێندە بە رەحەتی بیر دەکەنەوەو هێندە بە هیمنی دەدوین و داوای سەبرمان لیدەکەن، ئیوە لە سکیکی تیرەوە قسە دەکەن و ئیمەیش لە قوڕەی سکمانەوە..

جەنابی سەرۆك بۆیە حەقتانە خەوی وا خۆشخۆش ببینن کە یەکێك لەوانە ئەوەیە ئێوە خەو بە گەیشتن بە دەوڵەتی کوردییەوە دەبینن... ئێمەیش بە سەری مانگ.. !!!

تێبینی: ئەو کاتە ئەو بابەتەم نووسی کە جەنابی سەرۆك لە گەرمەی سەردانی و ڕێنوینیکردنی هاوڵاتیان و خزانەناو ئەو کێشانە بوو کە کەس لێیان بەدەنگ نەهات تا گەیشتە ئەوەی خەڵك

خۆپیشاندان ساز بکات و مۆنۆمینت بسووتێنێ و بەگژ حکوومەتەکەی خۆیدا بچێت، بەڵام لەوکاتەوە ڕۆژنامەیەك لەوانەی بە بوێرم زانیوون نەوێراوون بڵاوی بکەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا سەرنووسەرەکانیان لەسەر شاشەکان وەستای قسەوباسی ئازادی بیروڕاو دەربڕینن. لە بنەڕەتیشدا ناوی بابەتەکە ئەوە بوو: جەنابی سەرۆك.. ئێوە خەو بە دەوڵەتی کوردییەوە دەبینن، ئێمەیش بە سەری مانگ.. !!